# هەرکاتێک هەڵدەستم بۆ نوێژکردن، ودەمەوێت نوێژەکە درێژ بکەمەوە، بەڵام گوێم لە گریانی منداڵ دەبێت، بۆیە نوێژەکە کورت دەکەمەوە چونکە حەزناکەم دایکی تووشی ناڕەحەتی ببێت

له ئەبی قەتادە وئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکاتێک هەڵدەستم بۆ نوێژکردن، ودەمەوێت نوێژەکە درێژ بکەمەوە، بەڵام گوێم لە گریانی منداڵ دەبێت، بۆیە نوێژەکە کورت دەکەمەوە چونکە حەزناکەم دایکی تووشی ناڕەحەتی ببێت».
[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هەرکاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی بکردایە لە نوێژی جەماعەت وبیویستایە نوێژەکەی درێژ بکاتەوە (واتا: ئایەتی زیاتر بخوێنێت وزیاتر لە حاڵەتەکانی تری ناو نوێژکردن بمێنێتەوە)، گوێی لە دەنگی گریانی منداڵ دەبوو؛ ئەمیش هۆکاری ئەوە بوو کە نوێژەکەی کورت بکاتەوە بۆئەوەی درێژکردنی نوێژەکە دایکی منداڵەکە تووشی ناڕەحەتی نەکات چونکە دەبێت خەریکی منداڵەکەی بێت کاتێک دەگری.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4249